# قژی درێژ.. ژنانی عاشق جوانتر دەکا

مونیره حوسەینی
لە فارسییەوە: فەرەیدوون بێوار
(سلێمانی)

١

بەبیانووی کتێبەکانتەوە
پێوەندیم پێوە کە
بەبیانووی ئەو فیلمانەی
کە لە ژوورەکەتا بردوومن
بەبیانووی ئەو شیعرانەی
کە بۆمت نەخوێندووەتەوە
پێوەندیم پێوە کە
بەبیانووی ئەو بیانووانەی کە نیتە.

٢

هەموو شەوێ..
بیر لە تۆ دەکەمەوەو
تەنیایی..
ڕووداوێکی کارەساتبارە
لە باوەشی منا ڕوو دەدا

٣

تۆ دەرگاکە بکەوەو
منیش پلیکان بە پلیکان دوگمەکانم
نیگەران مەبە
ئەوەندە ئاشکرا بووینە لێڕاهاتووین
لە نێوانمانا هیچ کاتێ
لەسەر پلیکانەکان
ڕووداوێ ڕوو نادا

٤

ئێمە...
ماڵمان نییە
ترۆمبێلمان نییە
ئێمە...
کونجی فەریحی هیچ شوێنێکمان نییە
بەڵام...



تەواوی دوورگە بچووکەکانی ئەم شارەمان
بۆ تاقە ماچێ
کەشف کردووە.

٥

کە عاشق بووی
ڕێگایێ نییە بۆ پاشەکشێ
دەبێ بجەنگی
یان دەبێ بجەنگێ

٦

هەر چۆنێ بیر بکەیتەوە
ڕێگا چارەیێ نەماوە
وەک سەربازێ لە کێڵگەی مینا
بەهەر لایەکا بڕوا
گیانی سپاردووە

٧

سەرەخۆشیم لێ کەن
کەسێ لەگەڵ منا
کەسێ لە منەوە
کەسێ لەناو منا
مردووە..
ئەو دیوارەی کە دڵی لە بەرد لێ دەدا
بووەتە پەناگەی لەبیرکراوان

٨

هەمیشە..
ئەو شتانەی کە نەمبوون
زیاترم خۆش ویستوون
وەک تۆ..
کە زۆر دووری،
کە زۆرتم نییە.

٩

درەختانی زۆرم دیون
بەڵام تەنیا دەمەوێ
بەسەر شانەکانی تۆوە
ببمە باڵندە

١٠

بگری..
وەک هەوری سەرگەردان
کە ماڵەکەی بە با سپاردووە
هیچ کەشناسێ
هەرگیز نایدۆزێتەوە
بگری..
هەنێ جار هەورەکانیش
لە ترسی تەنیایی دەبارێن

١١

تەنانەت
لە ئامێزیشتا
هیچ مەودایەکی دڵتەنگیم
کەم نابێتەوە

١٢

دەیوت
وەک سەگ خۆشم دەوێی..
هێشتا شوێن ددانەکانی
لەسەر گەردنم ماوە

١٣

ڕووە و پەنجەرەکە ڕادەوەستێ
دەست دەنێ بە پرچەکانیدا
دەڵێ: فڕین
پێوەندی بە باڵەوە نییە
دڵی دەوێ

١٤

کە دڵم دەگیرێ
باران دەبارێ
باران چەنێ
لە نسکە نسکی ژنانە دەچێ

١٥

وتت:
تۆ تەنیا نیت
ڕاستت کرد
کۆمەڵەیەک لە منا
بانگی تۆ دەکات.

١٦

ئەو دەنگەی
کە ئێستا نایبیستی
بێدەنگی پیاوێکی دڵتەنگە

١٧

لەگەڵ تۆدا جەنگین
بە تەنیایی لەشکرێ
شکستم خواردووە

١٨

ژیان
تەتەرێکە
کە ڕۆژی هەزار جار
تەنیا مەرگی دەگەیەنێت

١٩

باڵندەکە مرد..
دەرگای قەفەزەکە بۆ هەمیشە
بەکراوەیی مایەوە

٢٠

بیستوومە
قژی درێژ
ژنانی عاشق جوانتر دەکا
لەبەر ئەوە
قژەکانم کورت کردووەتەوە
ئەو پێوەندییانە
نابنە نسیبی باوەشی تەنیایی من

٢١

تۆ تەنیا جارێ بانگم کە
ماڵەکە کە هیچ
بۆ تەواوی دنیا
دەبمە مونیرە

**سەرچاوە:**

***لاپەڕەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک***
**https://www.facebook.com/manira.hosseini/**

**ژیاننامە:**

*** مونیرە حوسەینی، لە ١ی مانگی مێهری ١٣٦٢ هەتاویی (١٩٨٣ز) لە تاران دایک بووە.**

*** هەرچەندە پسپۆڕییەکەی ڕاگەیانکارە، بەڵام پتر لە بواری ئەدەبیات کار دەکات و زیاتر لە ١٥ساڵە شیعر دەنووسێت.**

*** بەشداری لە کۆڕە شیعرییەکانی ناوخۆی وڵات دەکات و چەند خەڵاتێکی ناوخۆیی لە بواری شیعر وەرگرتووە.**

**ناوی کتێبەکانی مونیرە حوسەینی:**

**١- بی حواس ترین زن دنیا - شعر - بڵاوکراوەی شانی - ١٣٩٠هەتاوی (٢٠١١ز).**

**٢- عاشقانەهای جنجالی - شعر - بڵاوکراوەی شانی - ١٣٩١ هەتاوی (٢٠١٢ز).**

**٣- فرود هیچ پرندەای اضطراری نیست - شعر - بڵاوکراوەی شانی - ١٣٩٣ هەتاوی (٢٠١٤ز).**

**٤- حتا شبیە خودم زندگی نکردەام - شعر - بڵاوکراوەی چشمە - ١٣٩٤ هەتاوی (٢٠١٥ز).**

**٥- خیلی چیزها روشن می شود - شعر - بڵاوکراوەی فصل پنجم - ١٣٩٥ هەتاوی (٢٠١٦ز).**

**٦- با کناری ات کنار نمی ایم - شعر - بڵاوکراوی نیماژ - ١٣٩٥ هەتاوی (٢٠١٦ز).**